# گەردانە شیعر

ئاری رەفیق

24 – 10 – 2007

## سنوور

لەوەتەی تۆ..

پێتناوەتە

ئەودیوو سنوری دڵمەوە

خواوەندم

زێتر خۆشدەوێ

چونکە

تۆی بەمن بەخشیوە ،

هەولێریش

لەرۆحما شیرینتر

چونکە

تۆم تیا ناسیوە .

## شا

هەرکە چاوم پێتدەکەوێ

نە خۆم

بە_شا_یەك دەدەم و

نەتۆش

بە مانگ دەگۆڕمەوە ،

هەرچەندە لێت ورد دەبمەوە

ئۆقیانوسێك

بەختەوەری

لە فنجانەی چاوەکانت دەخوێنمەوە .؟!

# سەفەر

هەرکەناوی سەفەر دێنی

پاییز

دەکەی بەمیوانم و

ڕوخسارم

دەخەیتە پرسەوە ،

وا بەغەریبیم دەسپێری

وەک

پەپولەیەکی تەزیوو

ڕۆحم

دەخەیتە ترسەوە .

# تریفە

گەرچی ..

بۆ تریفەی مانگی ڕووت

قژی

دەیان شیعری تەڕم

تاڵ تاڵ

بۆت هۆنیوەتەوە ،

بەڵام ..

ئەفسوس .. کەتاهێشتا

وەک خۆت

نەمنوسیویەتەوە .!